عومەر محەمەد:
شەرمنی سیاسەتمەداری کورد لەئاستێکدایە ناشێت چیتر نەوەی داهاتوو چاوەروانی بکەن.

چاوپێکەوتن: عەرعەر

بۆ زانینی هەوڵەکانی کورد و رێکخراوە بیانیەکان لە بە جیهانی ناساندنی ئەنفال و چۆنیەتی کردنی ئەنفال بە دۆزێك کە بۆ بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکان و خزمەتی خانەوادەی ئەنفالکراوەکان بەکار بهێنرێت، هەروەها بۆ زانینی کار و ئەرکی ناوەندی چاك و چۆنیەتی کارکردنیان و گرنگی و شێوەی دەرکردنی ساڵنامەی ئەنفالستان، گۆڤاری عەرعەر ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ عومەر محەمەد سازکرد.

عەرعەر: ئەمساڵ کە بیستەمین ساڵیادی پەلامارەکانی ئەنفالە، جگە لە هەوڵی چەند رێکخراوێکی بیانی بۆ بە جیهانی ناساندنی ئەنفال و جینۆسایدی کورد، ئایا لەو ماوەیەدا کورد بۆ خۆی توانویەتی لەسەر ئاستی جیهانی کاربۆ ناساندنیان بکات؟

عومەر محەمەد: چەند هەولێکی باش هەبوون، ئەمەش تا ئەو کاتەی کورد دەبێتە خاوەنی لۆبیەکی باش بۆ ئەو ئەرکەو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کاری بۆدەکات، دەتوانین بلێین هەوڵنو بەشبەحاڵی خۆشم بەهەوڵی باشیان دەزانم، کۆنگرەی ناساندنی جینۆساید لەهەولێر یەکێك بوو لەو هەوڵە جدیانەی پێموایە شتی باشی بەدواوە دەبێت، ئەگەر ڤایرۆسی ململانێی حزبی لێی نەداو هەوڵەکانی نەکوژێت، کۆنفرانسی شارەوانیەکان بۆ یادی بیست ساڵەی هەڵەبجە کارێکی باش بوو، ئەوەندە من ئاگادارب‌م

لەنەرویج کارکراوە، لە سویسرا ناوەندی چاكو رێکخراوی وادی ئەلمانی لەیادی بیست ساڵەدا کاری باشیانکرد، دوای ئەوە نابێت ئەوە لەبیربکەین هەوڵ بۆناساندنی جینۆساید ئامانجی خۆی هەیە، تۆ خەڵکی بۆکۆدەکەیتەوەو دۆستو هاوپەیمان پەیدا دەکەیت، هەندێك کەس ئەوەندە بە کورت بینیەوە تەماشای ئەو ئەرکانە دەکەن، پێیان وایە هەرلەکۆنگرە دەبێت دەولەتی سەربەخۆی کورد رابگەیەنرێت. ئەمە تێنگەیشتنە لەئەركو ئامانجی کۆنگرەیەکی لەو شێوانەی لە کوردستانو لە دەرەوە ئەنجامدراون. ئەم کۆنگرانە هەر چۆنێك بێت لە شەرە پەرۆی سەرجادەکانو خۆبادانو بەڵێنی جێبەجێنەکراوی بەرپرسەکان باشترە. بەڵام هێشتا ئەو هەوڵانە بەدحاڵی بوونو نەشارەزایی زۆریان پێوە دیارە، خەڵکانێك دێن وادەزانن هەر کە قژ زەردێك هاتو دوقسەی کرد ئیتر ئەو کۆنگرەیە زۆر سەرکەوتووە، لەکاتێکدا مەرج نیە هەموو بێگانەکان شارەزای دۆزی کوردو تاوانەکانی دژی کورد بن، خۆ هەموو کەس یوست هیلتەرمانو هادرێکس نین چەندین ساڵی تەمەنی خۆیان بەکوردەوە خەریك بووبن.

عەرعەر: جینۆسایدی کورد هیچی لەجینۆسایدی ئەرمەن و هۆڵۆکۆست و رواندا و نەتەوەکانی تری جیهان کەمتر نیە و لەدوو دادگای باوەرپێکراودا وەکو جینۆساید دانی پێدا نراوە، ئایا کورد توانیویەتی سوود لەجینۆسایدەکەی وەربگرێت بۆ ئاسایشی نیشتیمانی کوردستان؟

عومەر محەمەد: نەخێر.. نەیتوانیوە بەڵام دەشێت بتوانێت، جینۆسایدی ئەرمەن بەقەد جینۆسایدی کورد لەباری قانوونیەوە هەنگاوی نەناوەو نەچووەتە پێشەوە، لەکاتێکدا ئەوان وا بۆ سەد ساڵ دەچێت، خەریکن، جینۆسایدی کورد دوو دادگای تایبەتمەند ئیعترافیان پێکردووەو نەك هەرتاوانبارەکانی تەنانەت هاوکارو یاریدەدەرانیشی سزایان بەسەردا سەپێنراوە،ئەوەتا لە رووی یاسایی یەوە مەسەلەکە یەکلایی کراوەتەوەو تەمومژی لەسەر نەماوە، ئەگەر باسی کورد دەکەین دەبێت تەحدیدی بکەین کورد لەکوێ سودی لێببینێ؟ لەباری یاساییەوە ئەوە دەستکەوتێکە بریاری هەردوو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقو دادگای شاری لاهای سوودیان هەیە، بەڵام هەتا ئیستا نەخێر دەستکەوتەکانی وەرنەگیراون، بۆنمونە ئەو کاتە سودمەند دەبین کە دەولەتی عێراق وەکو ئەرکێکی سیاسیو ئەخلاقی بەرانبەر بە بریاری دادگای وڵاتەکەی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکاو بە مرسومێکی کۆماری ئەمە رابگەیەنێ، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کەوا گەلی کورد لەدۆسێی جینۆساید سود مەندبووە، هەرچەندە ئەو سودمەند بوونە ئەوە نیە کە بەریزت مەبەستتە، بۆنمونە برایاری ٦٨٦ ی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتێنەیەکی ئەمنی لەکاتێکدا صدام لەدەسەڵات دابوو بریارێکی گرنگ بوو، ئەوە لەئەنجامی ئەوەوە هات کەوا هەر گروپێکی جینۆسایدکراو پێویستی بەحەسانەی نیودەولەتی هەیە بۆ ئەوەی بەرپەلاماری تاوانی نیودەوڵەتی نەکەوێتەوە، نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩١ دوای ئاوارەیی خەڵکی کوردستان بەم ئەرکە هەستا، بەڵام ئەو بریارە تەنها دیوە ئینسانیەکەی گرتەوە.

عەرعەر: لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، ئەنفال و هەڵەبجە تەنها لەکاتی یادەکانی قسەی لەسەردەکرێتو ناهۆشیاریەکی زانستی هەیە لەسەر ئەودوو کارەساتە، توانیومانە هێندەی قورسایی کارەساتەکان درك بە ئەنفال و هەڵبجە بکەین؟ چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی ئەنفال و هەڵەبجە لەناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکاندا ببێت بە بابەتێکی گشتگیر و هەمەلایەن؟

عومەر محەمەد: پێموایە ئەوەمان تێپراندووە کە یادەکان بکەین بەدوکان، بازرگانەکانی ئەم یادانە خەریکی کاسبی ترنو خەڵکیش لەو نیازە ناپەسەندە تێگەیشت، ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت ناهۆشیاری زانستی، خەتای خەڵکی تیدا نیە، خەڵك چەواشەکرابوو، بەڵێنەکان زۆر گەورەتربوون لەوەی لەهەگبەدابوون، مەرج نیە کە هوشیاریمان لەسەر ئەنفال یان تاوانەکانی تر پەیداکرد، هەمووشتێکمان بەدەست هێنابێ نەخێر هوشیاری تەنا ڕێگای تەندروستمان نیشان دەدات کەچی بکەین باشەو کامە وەلا بنێین، بەڵکو ئێمە وەکو کۆمەڵگەی کوردی پێویستمان بەجورئەتە، مەبەستمە بڵێم بتوانین لە دەرگای کۆمەڵگەی نێودەولەتی بدەین، وەکو تاوانەکان لەدژمان گەورەن خۆمان بەکەم نەگرین، ئەوەی مەبەستمە لە جورئەت چاو لە سیاسیەکان نەکەین مەرج نیە هەموو شتێك بەوان بکرێت، راستە لەدەرگادانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە سیاسەتی حەکیمانەهەیە، بەڵام شەرمنی سیاسەتمەداری کورد لە ئاستێکدایە ناشێت چیتر نەوەی داهاتوو چاوەڕوانی بکەن، هەتا ئێستا هەندێك کەس ناوێرن وەکو پێویست باسی ئەنفال بکەن بۆئەوەی ئەمریکیەکان دڵیان نەرەنجێ، لەکاتێکدا لەسەدەی رابوردوودا راوێژکارێکی وەکو هێلتەرمان بە توندی رەخنەی لەسیاستی ئەمریکاو هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش گرتووە، کەسێکی وەکو سەمانساپاوەر ئەگەرچی لەزانکۆکانی ئەمریکا مامۆستای زانستە مرۆڤایەتیەکانە و لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە، کەچی هەموو لایەنداریەکانی ئەمەریکای بۆرژێمی

صدامو هۆی بێدەنگی لەتاوانی جینۆسایدکردنی کورد بە راشکاوی خستووتە روو. ئەوەندەی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە هۆشیاریمان لەبارەی تاوانەکەوە بەشێکی بەدەستهێنانی ئامانجەکەیە،بەڵام وەکو پێشتر ووتم هوشیاری زانستیو یاسایی هەموو شتێك نیە، من پرۆفیسۆرێكو فەیلەسوفێکی ترسنۆکم بۆچیە؟ چ خێرێك بۆ کۆمەڵگا دەداتەوە؟ ئیٚ خۆ بەنیازیش نین ئێمە ئیتر هەر بۆ مردووەکانمان بگرین، شینی ئێمە بۆ زیندووەکانە، مەعریفەش ئەگەر جورئەتێکی لەپشتەوە نەبێت، سوودی چیە، خۆ بەپێچەوانەوەشەوە هەر راستە بەچیدە چێت کەسێکی پرکێشو سەرسەخت بەڵام بیٚ مەعریفە بێت، بەکورتی ئێمە پێویستمانە بەوە بەرلەوەی ئەنفال بەدنیا بناسێنین ئەگەرچی ناسراویشە، کەم کەناڵی ئاسمانی دنیا هەیە دۆسێی ئەنفالیان نەگواستبێتەوەو رۆژنامەنوسان کاری رۆژانەیان لەسەر نەکردبیٚ، لەکاتی دادگایکردنەکەی ئەنفالدا، بەڵام پێویستەبەرلەوە خۆمان باش بیناسین.

عەرعەر: خانەوادەی ئەنفالکراوەکان ئێستاش لەئۆردوگاکانداو لەبارێکی گوزەرانی خراپدا دەژینو بەدەست چەندین گرفتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەرونیو نەخۆشییە جەستەییو درێژخایەنەکانەوە دەناڵێنن، هاوکاریو چارەسەرکردنی ئەمان ئەکەوێتە ئەسۆی کیٚ چی لایەنێك؟

عومەر محەمەد: تا ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمو رێکخراوەکان قەناعەت بەدەوڵەتی عێراق دەهێنن، یان فشاری دەخەنە سەر، بەناچاری ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام لەراستیدا نەك هەر کەسوکاری قوربانیان بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستان، راستروایە بلێن گەلی کوردستان لە عێراق، لە رووی قانونیو ئەخلاقیەوە دەکەوێتە ئەستۆی دەولەتی عێراق، بەڵام باگریمانەی ئەوە بکەین حکومەتی عێراق نیازێکی شەرانگیزانەی هەیەو مل بەم مافە رەوایەی گەلی کورد نادات؟ ئەی حکومەتی هەرێم دەبێت فەرامۆشیان بکات؟ بێگومان ئەویش ئەرکێتی ئەرکێکی نیشتمانیو ئەخلاقی لەئەستۆیە دەبێت پێوەی پابەند بێت، دەبێت مشوری برینداارانی چەکی کیمیاوی بخوات، دەنا حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی خۆی لەدەست دەدات، پێویستە گوندەکانو ئۆردوگاکان بە جۆرێك خزمەت گوزاریان بۆ بچێت مرۆڤ تیایدا هەست بەبەهای هاوڵاتی بوونو ئینسانیەتی خۆی بکات، دەنا پروپاگەندەو دروشم برینی بریندااران سارێژ ناکەن، دەمێکە ئەو بروایەم هەیە هەر دەسەڵاتێك رێز لە

زیندووەکان نەگرێت، ناتوانی وەفاداری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران بێت، من کە ژیانم لە تەنگژەو بێدەرەتانی و نەگبەتیدا بوو بەچی دەچێت ئەگەر گۆری باوکە شەهیدەکم بۆبکەن بە ڤییەلا؟

عەرعەر: تۆ وەکو ئەندامێکی کارا لەناوەندی چاك کەرێکخراوێکی ئەکتیڤە لەبوارەکانی ئەنفال و هەڵبجە و جینۆسایدی نەتەوەی کورددا، ئەم رێکخراوە کۆمەڵێك کاری باشی کردووە لەو بوارانەدا بەلاّم ئایا کارەکانی ناوەندەکەتان لەئاستی پێویستی و گەورەیی کارەساتەکاندان؟

عومەر محەمەد: نەك ناوەندی چاك تەنانەت حکومەت و کۆمەڵگەی کوردیش لەئاستی گەورەیی تاوانەکاندانین، هەتاکو ئەمرۆ خەڵکمان هەیە لەناوناوەندی چاك ناتوانێ راڤەیەکی نیوەناچلی ئەنفال بکات، هێشتا لەئەنفال تێنەگەیشتووە، هێشتا پێی وایە، دەبێت لەتۆڵەی ئەنفال عەلی حەسەن مەجید بهێنرێتە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێت، هێشتا پێی وایە تاوانی هەڵەبجە لەتاونی ئەنفال گەورەترە،لەکاتێکدا هەردووکیان یەك تاوانن، راستە دوو دۆسێی جیاوازن، بەلاّم هەردوو تاوانەکە تاوانی نێودەوڵەتین، هەردوو تاوانەکە تاوانی جینۆسایدن،لەئەنفال و هەلەبجەدا هەرسێ پایەبنەڕەتیەکەی تاوانی جینۆساید ئامادەن(تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی کۆمەڵکوژی، تاوانی جەنگ) بەلاّم ئەنفال هەموو جۆرەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە، تاوانی جینۆسایدی فیزیکی، جینۆسایدی کلتوری، جینۆسایدی ئابوری) کۆمەڵکوژی دەچێتە خانەی جینۆسایدی فیزیکیەوەو کوشتنی منداڵ و شێواندنی کلتورو مێژوو.سرینەوەی ئاسەواروموٚرکی نەتەوایەتی هەموویان دەچنە خانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتیەوە. نابێت ئەوەش لەیادبکەین تاوانی جینۆساید بەزۆری ژمارەی قوربانیەکانی نیە، کەوا تیبگەین لەبەر ئەوەی ئەنفال زیاتر لە١٠٠٠٠٠ سەدهەزار کەسی تیدا کوژراوە گەورەترە لە هەلەبجە. نەخێر تاوانی ئەنفال نیازی پاکتاوکردنەکەی سرینەوەو تەنك کردنی شوناسی کورد بوون بوو، هەڵەبجە لەنیوان دوجەنگداو هێرش بوو بۆ سەر شارێك لە جەنگدا، بەلاّم لەراستیدا لۆجیکی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەش هەمان لۆجیکی ئەنفال بوو، هەمان ئەو نیازە کۆکوژیە بوو کە عەلی حەسەن مجید نمایندەو فەرماندەی بوو، ئەمەش لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەنێوشۆرشەوە رێگە پێدرابوو.

عەرعەر: ناوەندی چاك تا چەند توانیویەتی گرنگی بە ئەرشیف کردن و توێژینەوەی توێری و مەیدانی بدات و ببێت بە سەنتەرێکی زانسیاری؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە هاوکاری ناوەندەکەتان بووە لەو بوارانە و بوارەکانی تردا؟

عومەر محەمەد: لەبەشی دووەمی پرسیارەکەتەوە دەست پێدەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ هاوکاریەکی ناوەندی چاکی نەکردووەو پێشموانیە بیکات، ئەگەرچی خۆشمان هیچ داواکاریەکمان لەحکومەت نەکردووە، رۆژێکم پێ شکنایەت داوای هاوکاریمان لەحکومەت کردبێت، تەنها دووجار نەبێت ئەویش هێنانی پرۆفیسۆرێکی نەمساوی و وەفدێکی نەرویجی بوون کە هەریەکەیان بەجیا هاتبوون، نەمساویەکە بۆئەوەی شایەتی لەسەر تاوانی هەڵەبجە بدات، نەرویجیەکەش بۆ ئەوەی کاریگەری تاوانی جینۆساید بەرێتەوە بۆ وڵاتی نەرویج، نەمساویەکە لەرێگەی وەزارەتی شەهیدو ئەنفالەوە بوو،خۆیان خەرجیان کێشا، بۆ نەرویجیەکەش راستەوخۆ بەنامەی رەسمی داوامان لەپارێزگای سلێمانی کرد هاوکاریمان بکەن، بەسوپاسەوە هاوکارییان کردین بەدابینکردنی ئۆتۆمبیلێکو خەرجی خواردنی میوانەکانمان، دەنا پارەی هۆتێلەکەشیان بۆخەرج نەکردین، ئەویش کەوتە سەر وەفدە نەرویجیەکە، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ داهاتێکمان لەبەر دەست نەبوو.

بۆ مەسەلەی ناوەندی چاکیش راستە ناوەندی چاك کاری باشی کردووە، بەڵام وەکو ئەوەی تۆ باسی دەکەیت بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیفو دەزگایەکی دۆکۆمینتاریو سەنتەرێکی زانستیو دراسی، بەداخەوە نەك ناوەندی چاك هەتاکو ئێستا حکومەتی هەرێمیش گرنگی ئەو کارە نازانێ، یان دەیزانێتو خۆی لەقەرەنادات، بەراشکاوی دەیڵێم بەشێك لەکێشەکانی من لەگەڵ ناوەندی چاك لەسەرئەوەبوو کەئەوەندەی گرنگی بەبەیاننامەنوسین دەدا، بچێتە پای رێکخراوبوونی خۆیو ئەم کارانە دەست پێبکات، بەڵام ئەوەندە نەدەچووە سەر ئەوکارانەو ئیستاش هەرنەچووە، ئەگەرچی جارێك لەگەڵ کاك (دلێر محمد) پرۆژەیەکمان نوسی رێك ئەو مەجالانەی دەگرتەخۆ کەبەرێزتان مەبەستتانە، دیارە ئەو پرۆژەیە هەروا ئاسان نیەو بەناوەندێکی پەرش‌وبڵاوی وەکو چاکیش ئەنجام نادرێت، پرۆژەکەمان دایە وەزیری مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفالی ئەوسا سەروەختی دو ئیدارەیی بوو کاك (جەمیل عەبداڵ) بوو بەوەکالەت وەعدی پێداین زۆر بەجدی کاری بۆ بکاتوپرۆژەکەی بەلاوە گرنگ بوو، ئێمەش تەنها مەرجمان ئەوەبوو سەربەخۆ بینو حکومەت هاوکاریمان بکات، لەدابینکردنی بیناو موچەی کارمەندەکانی، بەڵام ئەو وەعدەش بەدەردی زۆربەی وەعدەکانی تری حکومەت چوو، دەنا ناوەندی چاك ئەگەر بیەوێ کاری جدی بکات، ئەمرۆش نەبێت سبەی دەبێت بەو کارە هەستێت،

بەڵام خۆ ئەوە تەنها کاری ڕێکخراوێك نیە، بەڵکو کاری هەموانە بەحکومەتو ڕێکخراوەکانیشەوە.

عەرعەر: گۆڤاری ئەنفالستان کەئەمساڵ ژمارە (٥)ی لێ دەردەچێتو یەکێکە لەو بلاّوکراوانەی کەتایبەتە بەکارەساتو پەلامارەکانی ئەنفال، تۆ وەك سەرنووسەری ئەو گۆڤارە زیاتر گرنگی بەچی لایەنێکی ئەنفال دەدەیت؟ خەڵكو دەزگا حکومیو حیزبییەکان تا چەند بەدەنگ گۆڤارەکەتانەوە دێت؟

عومەر محەمەد: ئەنفالستان گرنگی بەهەموو لایەنەکانی ئەنفال دەدات، لەبەرئەوەی تایبەتنیە بەلایەنێکی تاوانەکە، تاوانی ئەنفال دۆسێیەکی فرە ڕەهەندە، بەڵام لەرابوردوودا گرنگترین ڕەهەندی بەلای منەوە ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە بوون، کەیەخەی کەسوکاری قوربانیەکانی گرتبوو، ئەو خەڵکانە لەهەلومەرجێکی قورسی ژیاندابوون، (دیارە ئیستاش رزگاریان نەبووە، بەڵام تارادەیەك باشترە) ئەو خەڵکانەی من دەمدواندن زۆریان قسە پێبوو بەڵام کەناڵیان نەبوو قسەی تێدابکەن،کەناڵە حزبیو حکومیەکان تەنها لەبۆنە تایبەتیەکاندا دەیانهێنانە قسەو ئەو قسانەشیان سانسۆر دەکرد کەرەخنە ئامێز بوون بۆ حزبودەسەلاّت، ئامانجی ئەنفالستان رونو ئاشکرایە، دەمانەوێت لەهەر گۆشەیەکەوە قسە هەبێت لەبارەی ئەنفالەوە بیکەین، چ ئەوانەی قوربانی راستەوخۆن چ ئەوانەی قوربانی ناراستەوخۆن، خەڵك هەیە کەسی ئەنفال نەکراوە بەڵام قوربانی ئەو تاوانەیە، سایەق کۆستەرێك ئێستا لەهەمووکات زیاتر هەست بە قوربانی خۆی دەکات، کە بەزۆرو بەبێگار بردوویانەو ماڵی خەڵکیان پێ بارکردووە، جاشێکی سوکەڵە بەهەمان شێوە ئەو لەسەرەتاوە وا تێوەگلاوە وەرەقەیەك دەنێتە گیرفانیو لەماڵی خۆی دادەنیشێو موچەکەشی موستەشارەکەی یان ئامر سریەکەی دەیخوات، بەلای زۆرەوە ١٥ رۆژ دەچێت لە رەبایەیەکی جاشدا دادەنیشێو بەم شێوەیە خۆی لە جەنگی عێراق ئێران دەدزێتەوە، بەڵام کاتێك بە ئاگادێتەوە لەناو بازنەی تاوانێکدایە، بەشدارە لە ئەنفال بەلای کەمەوە بێدەنگە لەتاوانێك کە بەپێش چاویەوە ئەنجام دەدرێت، لەوەش خراپتر پار من ئیستخباراتێکم موقابەلە کردووە دەلێت، من براکەی خۆم تەسلیم کردووە، من وام زانی خەلاتی منیشو ئەوانەش دەکەن کەوا هاتوونەتەوەو لەرێگەی منەوە تسلیم بوون، بەڵام هەموویانیان بردو ئەنفالکرانو ئێستاش نەگەرانەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکە برای خۆمیان لەگەڵدابوو، کەواتە ڕژێم زۆر بە سیستمو پلانێکی تۆکمەوە کاری لەسەر ئەنفال

کردووە، ئەو ویستی هەموو بەلای کەمەوە نیوەی گەلانی عێراق لەتاوانەکەوە بگلێنێ ئەو باش دەیزانی ئەو تاوانەی بەنیازە ئەنجامی بدات، تاوانێکی نائاساییەو سبەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێی دێتە دەنگ، لەبەر ئەوەی تاوانەکە نیودەوڵەتیە. نەك هەر ئەنفالستان بەڵکو تەواوی ئەوکەسانەی کار لەسەر ئەنفال دەکەن پێویستە بەوردی کاری تێدابکەن چونکە بەرپەرچدانەوەی ئەنفال تەواو وابەستەیە بە هۆشیاری سیاسی و سیاکۆلۆژیو کۆمەڵایەتیەوە بەندە بەمافەکانی مرۆڤەوە، پێم سەیرە کەسانێك دێن گوایە داکۆکی لە کەسوکاری قوربانیان دەکەن، بەڵام بێهیچ لێپرسینەوەیەك لەویژدانی خۆیان تەرو وشك پێکەوە دەسوتێنن، ئەنفال بۆخۆی گەورەترین پێشیلکاری مافی مرۆڤ بوو، لەبەرانبەردا، ئەگربمانەوێت بەراستی پەرچەکردارمان هەبێت ئەوانەی دەیانەوێت جارێکی تر ئەنفال دوبارەنەبێتەوە دەبێت بەراستی رێز لەمافی مرۆڤ بگرنو بەهای مرۆڤ لەلایان لەسەرەوەی هەموو بەهاکانی ترەوە بێت. بەکورتی تاوان بەتاوان چارەسەر ناکرێت باشترین کاکردن لەدژی ئەنفال پەرچەکرداری دژی بەعسیزمە، لەریشەکێشانی رەفتاری بەعسیزمە، بەچی دەچێت من دژی بەعس قسەبکەمو رەفتاری خۆم بەعسیانە بێت. بەچی دەچێت من هێرش بکەمە سەر ئەو کەسانەی دوێنێ بەشداری تاوانی ئەنفالیان کردووە، بەهەمان لۆژیکی بەعسەوە من دژایەتیان بکەم، باشترین رێزگرتن لە قوربانیان محاکمەکردنی گومانلێکراوانوتاوانبارانە، باشترین محاکمەش ئەوەیە تاوانباران مافی داکۆکی کردنیان لەخۆیان هەبێت، بۆئەوەی بەئازادانە بتوانن هەموو گۆشە تاریك و ئاشکرانەکراوەکان ئاشکرا بکەن، دادگایەکی توندوتیژ بۆ تاوانباران تەنها دڵی ئەوکەسانە ئاسودەدە کات کە لەرەفتادا توندو تیژن، بەڵام رەفتاری تەندروست و دادگای تەندروستو سەربەخۆ ئەگەر تاوانبارانیش بەسزای مەرگ نەگەیەنێ ئەوا رەفتاریان لە ریشە هەڵدەکێشێو ئەوانیش لەبەردەم مێژوو شەرمەزار دەکات، چی لەوە ئەستەمترە مرۆڤ بەشەرمەزاری بژیو دواجاریش بەشەرمەزاری بمرێ؟ مرۆڤی شەرمەزار رۆژی زیاد لەجارێك دەمرێ.

ئیستا گرنگترین لایەنی تاوانی ئەنفال لایەنی یاساییو تێگەیشتنێتی لە جۆی تاوانەکەو گەورەیی تاوانەکە، ئەرکی هەموو ئەوکەسانەیە کەدەیانەوێت ئەنفال بخوێننەوە رەگەزەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدا بدۆزنەوەو جۆرەکانی شیکار بکەنو مەترسی دوبارەبوونەوەی بەهەموو دیوەکاندا لێکبدەنەوە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەشت، حکومەت بەدەنگ ئەنفالستانەوە نەهاتووە، جگە لەوەزارتی رۆشنبیریش هیچ کەسی تر بەهەندی نەگرتووە، بەڵام خەڵك باش پێشوازی لێدەکەن، لەهەموو ئەو شوێنانەی ئەنفال یان کیمیابارانی تێدا ئەنجامدراوە خەڵکێکی زۆر بە پەرۆشیەوەن، کۆمەکی دەکەن‌و بابەتی بۆدەنێرن، لەسەرەتاوە ئەم پەرۆشیە لە گەرمیانیەکانەوە دەستی پێکرد، دواتر پەلی هاویشت بۆهەڵەبجەو ئەمسالیش بۆ دۆلی جافایەتی‌و دۆڵی بالیسان‌و بادینان.

عەرعەر: لە هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا و لەلاپەڕەکانی کۆتاییدا ئاماژە بە چەند ناوێك دەدرێت کە یارمەتی دارایی گۆڤارەکە دەدەن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی، ئامانج لەم کارەی تۆ چییە؟ئایا ئەو کەسانە کۆمەکەکانیان چۆن دەگەیەنن دەستان؟

عومەر محەمەد: بێگومان ئەو کەسانەی لە لاپەرەکانی کۆتایدا لەخشتەیەکدا ناویان بڵاو دەکرێتەوە لەبەرانبەردا بڕی ئەو کۆمەکانەش رادەگەیەنرێن، کە دەیبەخشنە ئەنفالستان، کۆمەکەکانیش جیاوازن لە ٥٠٠٠$ وە تیایدایە تا ٥٠٠ دیناری چاپی نوێ، ئامانج لەم بڵاوکردنەوەیە چەند هۆیەکی رون‌و ئاشکران، یەکەم ئەوەیە گۆڤارەکە سەرچاوەی داراییەکەی ئاشکرابکرێت‌و دووەم ئەوەیە ئەمە ببێتە نەریتێك کەخەڵك فێری کاری هەرەوەزی ببێت لەم پرۆژانەدا، بێگومان ئەو نەریتەی ئەنفالستان زیاتر هاندانی کەسانێکە کە هاوکاری پرۆژەی ئەو راگەیاندنانە بکەن کە سەربە دەسەلات نین، بەو واتایەی دەسەڵات باربۆیان ناکات، ئەمە بەو مانایە نیە کە یارمەتی حکومەت رەت دەکاتەوە، نەخێر بەپێچەوانەوە، ئەوەی لەئەنفالستاندا دەیبینی دەلالەتی ئەوەیە ئەگەر حکومەتیش هاوکاری پرۆژەیەك نەکات، خەڵك دەیکات، ئەگەرچی تموحی من وەکو خۆم زۆر لەوە زیاترە بەگۆڤارێکی ساڵانەوە بوەستم، بەدڵنیاییەوە ئەگەر توانای دارایی هەبوایە بەلای کەمەوە ئەنفالستان بەوەرزی دەردەچوو، نەك ساڵی جارێك، بەڵام ئەو کەسانەی هاوکاری ئەنفالستان دەکەن، زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی هەژارن، زۆربەشیان کەسوکاری ئەنفالکراوەکانن بەتایبەتی خەڵکی گەرمیان، ئەو داهاتەی دەیبەخشنە ئەنفالستان داهاتێکی زۆر نیە، بەڵام دەلالەتێکی گەورەی هەیە، هەرچۆنێك بێت کارێکی گرنگە ئەنفالستان وەفاداری ئەو خەمخۆریەی ئەوکەسایەتیانەیەو هەر دەنگی ئەوانیش دەبێت.

کۆمەك کردن و گەشتنە دەستی بڕ پارەکان بێگرفت نیە، چونکە ئەم وڵاتە وڵاتێکی نۆرماڵ نیە خەڵك لەرێگەی ژمارەی حسابەوە کۆمەکت بۆ بنێرت، کۆکردنەوەی ئەو

داهاتە زۆر زەحمەتە، ڕێگەیەکی تەقلیدیو کلاسیکیە، تەنها لەڕێگەی ئەو هاوکارە دڵسۆزانەوەیە کەهەڵدەستن بەکۆکردنەوەی کۆمەکی ئەو ژمارەیەی ساڵنامەکە، لەدوای کاری نەخشە سازی کۆمەك لەکەس وەرناگرین، ئەمساڵ بەنیازنیم لەڕێگەی تەلەفۆنەوە کۆمەك قبوڵ بکەم، چونکە ئەوەش بۆخۆی گرفتێکی ترە، زۆرجار کەسەکان ناویان نوسراوە، بەڵام هەتا ئێستاش بڕی کۆمەمەکەیان نەگەیشتووەتە ئەنفالستان. واتە بەڵێنی زارەکی داوە، بەڵام جێبەجێی نەکردووە، ئەگەر حسابات هەبێت ئەوە لەسەر ساڵنامەکە ماڵە، بەڵام لەراستیدا نەگەیشتووە، هەتا ئەم لەحزەیە کەلەگەڵ بەڕێزتان قسەدەکەم کۆمەکی ژمارە سێ بڕێکی زۆری نەگەیشتووەتە دەستمان، هەروەها ژمارە (٤)یش بەهەمان شێوە نزیکی ٧٥٠٠٠٠ حەوسەدوپەنجا هەزار دیناری نەگەیشتووەتە دەستمان.

ئەوەی من مەبەستمە لەبڵاوکردنەوەی ناوی ئەو بەڕێزانە ئەوەیە ووردەوردە ئەو ساڵنامەیە بەراستی ببێتە بڵاوکراوەی خۆیانو خۆیان بەکاروبارییەوە هەستن، بەتایبەتی تریش مەبەستمە لە ڕۆژانی پیربوونو مردنی خۆمدا گەنجانی کەسوکاری قوربانیەکان خۆیان دەریبکەن و بەهەرەوەزی هەموو لایەکیان دەربچێت، نەك چاویان لەدەستی حزبومیزانیەی حکومەتەوە بێتو مەرجیان بەسەردا فەرزبکات.

عەرعەر: کەس هەیە بەراشکاوی دژایەتی دەرکردنی ساڵنامەکە بکات.؟

عومەر محەمەد: بێگومان هەیە، بەڵام ئەو کەسانە خەڵکانێك نین کۆسپی سیاسی دروست بکەن، هەندێکیان دژایەتیەکانیان لە ڕێگەی تۆمەت هەڵبەستنو پرتەو بۆڵەو هەندێکیان دەیانەوێت کارەکە بێ بایەخ بکەن، زۆربەشیان لەوانەن کە پێیان خۆش بووە جێدەستیان دیاربێت بێئەوەی کارێك بکەن، یان لەو ڕۆژنامەنوسانەن کە لەبری دەستخۆشی تانەیەکی هەیە. بەڵام من کاری خۆم دەکەمو خۆم بەو کەسانەوە سەرقاڵ ناکەم، ئەوانەشی خۆیان بەمنەوە سەرقاڵ دەکەن کارێکی خراپ دەکەنو خۆیان ماندو دەکەن لەبەر ئەوەی من دژایەتیان ناکەم، ئەوان هەنگاوێك هاتنە پێشەوە بۆ دۆستایەتی من دوو هەنگاو دەچمە پێشەوە، ئەگەر نەشهاتن دڵنیام سبەی پەشیمان دەبنەوە، لەبەر ئەوەی من بروام وایە ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان قوربانیەکی تری ئەم کۆمەڵگایەن، خۆ مەرج نیە ئەوەی ئەنفال نەکرابوو قوربانی نەبێت، بە پێچەوانەوە هەمیشە قوربانی بەتەنیشتمانەوەیە.